واز لة منالاَن بيَنن، هاتنة لاي منيان ليَ قةدةغة مةكةن،
!ضونكة ثادشاهيَتي ئاسمان هي ئةم جؤرة كةسانةية



Copyright © 1995. All rights reserved.
The Most Important Story® is a registered trademark.

Published by The Most Important Story Publications, LLC.

ISBN 978 1 60834 415 4

***Kurdish Sourani***

www.mostimportantstory.com

ISBN 978-1-60834-415-4
9 781608 344154




MIS Kurdish Sourani.indd 2 11/5/2013 6:24:34 PM


ئای لەو خۆشیە ! ! ئایا من ئێستا رۆڵەی خودام ؟
بەڵێ بێگومان !
ئێستا بۆ ئەوەی زیاتر خودا بناسی، پێویستە لە نوێژدا قسەی لەگەڵ بکەی و لە ووشەکانی وورد بیەوە کە کتێبی پیرۆزە ئەویش لەرێگەیەوە لەگەڵ تۆ دەدەوێ، لەمەر ئەو شتە گرنگانەی کە ئەو هەیەتی بۆ تۆ.
بابە ئەم شتانە چین ؟
ئەوەیە خودات خۆش بوێت. هەواڵی عیسا بە خەڵك رابگەینی و خۆشەویستی و هێزی خودایان نیشان بدەی.
عیسا بە قوتابییەکانی ووت: (برۆن و هەموو خەڵك بکەن بە قوتابی فێری گوێرایەڵی هەموو ئەو شتانەیان بکەن کەمن رامسپاردوون ئەوەتا من هەموو رۆژێ لەگەڵتانم (مەتتا ٢٨: ١٩–٢٠)




MIS Kurdish Sourani.indd 4 11/5/2013 6:24:35 PM







MIS Kurdish Sourani.indd 5 11/5/2013 6:24:36 PM



نایەت، بەڵام ئەگەر بڕۆم ئەو دێت، چونکە من بۆتانی ڕەوانە دەکەم.)

که حەرزەتی عیسا قسەکانی تەواو کرد لەگەڵ قوتابییەکانی، ئەوانیش سەیریان دەکرد وا بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان و لە بەر چاو وون بوو، ئینجا دوو فریشتە هاتن و بە قوتابییەکانیان ووت: (ئەو عیسایەی کە لەنێوانتان بەرز بۆوە بۆ ئاسمان، ڕۆژانێك دادێ دەگەڕێتەوە لاتان. هەروەك خۆی وتی)

( ڕۆژانێك دێت کەحەزرەتی عیسا دەگەڕێتەوە لای منداڵانی خودا، چونکە هەریەکێك باوەری بەوە هەبێ کە عیسا لە پێناویدا مردوە ئەوا لە گوناهەکانی دەبەخشرێت و تاهەتایەش لەگەڵی دەبێ. ئیتر هیچ شتێك لەمەودوا لە خۆشەویستی خودا جیامان ناکاتەوە.)

MIS Kurdish Sourani.indd 6 11/5/2013 6:24:36 PM



# ئەمرۆ حەرزەتی عیسا لە کوێیە؟

یۆحەننا ١٦:٧، کرداری نێرراوان ١

– (حەرزەتی عیسا چەند هەفتەیەك لەگەڵ قوتابییەکانی مایەوە.)

– (پێویستە ئەوان دڵخۆش بووبن!)

– (بەڵێ! بەڵام، ئێستا حەزرەتی عیسا لە کوێیە؟)

– (شاد، ئەمە پرسیارێکی جوانە.)

حەزرەتی عیسا ووتی: (وا باشترە بۆ ئێوە کە بڕۆم،چونکە گەر نەڕۆم ڕۆحی پیرۆز

« ئەمە باشترین بەشە لە چیرۆکە کەد»ا

«بەڵێ دارا، دوای ئەوەی نرخی گوناهەکانی ئێمەی دا خودا لە ناو مردووواندا هەڵیسەندەوە، ئەمە پلانی خودا بوو بۆ ئێمە.)

دواتر، کاتێ قوتابییەکانی لەبارەی ئەمەوە قسەیان دەکرد، لە ناکاو حەزرەتی عیسا لە ناویان دەرکەوت و پێی ووتن: (ئاشتی بۆ ئێوە)

بەڵام قوتابییەکان هەر هەموویان وایان زانی ئەمە خەیاڵە

ئەویش لێی پرسین: (بۆچی دەترسن؟سەیری دەست وپێیەکانم بکەن. دەتوانن بزانن کە بەراستی من ئەوم؟ دەستم لێبدەن و دڵنیابن کە من ئەوم و خەیاڵ نیم.)



# هەستانەوەی عیسای مەسیح لە مردن

مەتتا ٢٨، لۆقا ٢٤

هاوڕێکانی حەزرەتی عیسا تەرمەکەیان برد و ناشتیان.

لەبەیانی یەکەم ڕۆژی هەفتە، دوو ژن چوون بۆ سەر گۆڕەکەی.لەناکاودا بوومەلەرزەیەکی گەورە ڕوویدا، چونکە فریشتەی خودا لە ئاسمانەوە هات و بەردی سەر گۆڕەکەی لادا.

فریشتەکە بە ژنەکانی ووت: (مەترسن، ئێوە بەدوای عیسای لە خاچدراو دەگەڕێن، ئەو لێرە نییە، بەڵکو هەستاوەتەوە لە مردن هەر وەك پێشتر وتبوی. بە خێرایی بڕۆن و قوتابیەکانی ئاگادار بکەن کە ئەو لە ناو مردووواندا هەستاوەتەوە!)



MIS Kurdish Sourani.indd 9 11/5/2013 6:24:38 PM

# حەزرەتی عیسا لەسەر خاچ دەمرێ ٧

لۆقا ٢٣

«حەزرەتی عیسایان لەسەر خاچ بزمارکوت کرد»

ئینجا ووتی: ( ئەی باوك، بیان بەخشە چونکە نازانن چی دەکەن.)

دوو کەسی تریش کە تاوانبار بوون لەگەڵ عیسا دران لە خاچ

یەکێکیان پێی ووت: (باشە تۆ مەسیح نیت؟ دەخۆت و ئێمەش رزگار بکە؟)بیسەلمێنە کە تۆ مەسیحی [مەسیح ناوێکی دیکەی کوری خودایە]

بەڵام دزەکەی تر ووتی: (لە خودا ناترسی؟ ئێمە لەسەر کردەوەکانمان سزا دەدرێین، بەڵام ئەمە هیچ شتێکی نەکردووە شایانی سزادان بێت.) ئینجا ووتی: (ئەی عیسا لە یادم مەکە، کاتێ لە پادشاهیەکەت هاتی.)

عیساش ووتی: (دڵنیابە هەر ئەمڕۆ لەگەڵم دەبی لە بەهەشتدا.)

– (ئایا دوای ئەوەی مرد لەگەڵ عیسا بوو؟)

– (بەڵێ شاد)

دوای ئەوە عیسا هاواری بۆ خودای باوك کرد و مرد.

– (بوەستە! ئایا عیسا وەك مرۆڤ لە پلانی خودادا بوو ؟)

– (بەڵێ دارا، خۆی نارد کە بێ کەم و کوریی بوو تا بمرێ و سزای گوناهەکانی ئێمە وەر گرێ.)



MIS Kurdish Sourani.indd 10 11/5/2013 6:24:39 PM



( بەڵێ شاد، ئەو هەموو خەڵکی خۆش دەوێ.)

ئینجا حەزرەتی عیسایان گرت و بردیان بۆ لای پیلاتۆسی فەرمانڕەوا تا دادگایی بکات بیخاتە بەندیخانەوە، سەربازەکان لێیان دەداو درکیان لەسەری دادەناو گاڵتەیان پێ دەکرد.

دواتر پیلاتۆس بە خەڵکەکەی ووت: (بۆتانی دەهێنمە دەرەوە بەڵام زۆر چاك ئەوە بزانن کە من هیچم نەدۆزییەوە پێی تاوانباری بکەم.)

بەڵام خەڵك هاواریان کرد: ( بیکوژە، بیکوژە، لە خاچی بدە.)

لە دوایی دا پیلاتۆس عیسای دایە دەست خەڵکەکە تا لە خاچی بدەن.

بەڵام ئەو هیچ هەڵەی نەکردبوو،وانییە؟

(دارا ڕاستە، بەڵام بزانە کە خودا پلانی هەیە.)



MIS Kurdish Sourani.indd 12 11/5/2013 6:24:40 PM



# گرتنی حەزرەتی عیسا و دادگایی کردنی

لۆقا ٢٢ ، یوحەننا ١٩

(شەوێکیان عیسا لەگەڵ قوتابیەکانی قسەی دەکرد،پێشەوا ئاینیەکان سەربازەکانیان بە شمشێرەکانیانەوە نارد بوو)

قوتابییەکانی عیسا ووتیان: خوداوەند شمشێرمان پێیە لەگەڵیان بجەنگین؟یەکێکیان بە شمشێرەکەی لەپیاوێکی داو گوێی بڕی،بەڵام عیسا ووتی: (ڕاوەستە،مەکە،دەستی لەسەر گوێی پیاوەکە دانا و چاکی کردەوە.)

(ئایا عیسا شیفای یەکێك لە دوژمنەکانی دا؟.)



ئینجا منداڵەکانی گرتە باوەشی خۆی و دەستی لەسەر دانان و پیرۆزی کردن.

– (منیش دەمەوێ حەزرەتی عیسا پیرۆزم بکات!)

– (دارا ئەمە دەبێ، چونکە عیسای مەسیح ئەمرۆش هەروەك خۆیەتی و منداڵانی خۆش دەوێ.

– «هەر چەندە خەڵکانێ هەبوون خۆشیان نەویست!)ئەوەی دەیکرد و فێری خەڵکی دەکرد بووە هۆی تورەبوونی پێشەوایانی ئاینی.ئیرەییان بەوە دەبرد کە خەڵك عیسایان زۆر خۆشدەویست.بۆیە پلانیان بۆ دانا تا لە ناوی ببەن.

MIS Kurdish Sourani.indd 14 11/5/2013 6:24:42 PM



# حەزرەتی عیسا و منداڵان

مەتتا ١٩، مەرقۆس١٠

(حەزرەتی عیسا بۆ خەڵکی دەرخست کە خودا منداڵیشی خۆش دەوێ،چەندین منداڵی لە مردن هەستاندەوە،زۆریانی لە جۆرەها نەخۆشی چاکردەوە.)

هەندێ خەڵك منداڵەکانیان هێنا بۆ لای حەزرەتی عیسا تا نوێژیان بۆ بکات ودەستیان لەسەر دابنێ،بەڵام قوتابەیەکانی نەیانهێشت.

کاتێ حەزرەتی عیسا ئەمەی دیت ووتی: (لێگەڕێن با بێن بۆ لام، ڕێیان لێ مەگرن. چونکە هەرکەسێ باوەڕێکی وەك ئەوانی نەبێ هەرگیز ناچێتە پادشاهێتی خوداوە )

MIS Kurdish Sourani.indd 15 11/5/2013 6:24:42 PM



# عیسای پەرجووکار

مەتتا ١٤، یوحەننا ٦

(حەزرەتی عیسا شتی تری جوان وسەیریشی کردووە، باو بارانی هێور کردوەتەوە، بە پێی بەسەر ئاودا رۆیشتووە.)

(ئەمە زۆر سەیر بووە!)

(بەڵێ دارا، جارێکی تر زیاتر لە (٥٠٠٠) کەس دوای حەزرەتی عیسا کەوتن بۆ شوێنێکی دوور، درەنگ داهات،هاوەڵ و قوتابیەکانی ویستیان خەڵکە برسیەکە بەرێبکەن تا خواردن بۆ خۆیان بکرن)

حەزرەتی عیسا پێی ووتن:پێویست ناکات بگەرێنەوە، ئێوە نانیان بدەنێ)

یەکێ لە قوتابیەکان ووتی: (کورێك (٥) نان و (٢) ماسی پێیە، بەڵام ئەمە چەندە تا نانی ئەم هەمووەی پێبدرێت!؟

حەزرەتی عیسا پێنج نانەکەی وەر گرت و سوپاسی خودای کرد،ئینجا دای بە خەڵکەکە هەروەها ماسیەکانیش بە هەمان شێوە.ئیدی هەر هەموویان خواردییان تا تێر بوون.

– ئینجا حەزرەت بە قوتابیەکانی ووت: (لەتە نانەکان کۆبکەنەوە تا هیچ شتێ بە فیرۆ نەروات)،لەم پێنج نانە دووازدە سەبەتە لەتە نانیان کۆ کردەوە.

(ئەو لەتکە نانانەی کە مابووەوە زیاتر بوو لەو خواردنەی لەسەرتاوە هەبوو!)

– ( شاد ئەمە راستە، حەزرەتی عیسا بۆ خەڵکی دەرخست کە خودا بایەخ دەدات بە پێویستیەکانیان، هەمان شت لەگەڵ ئێمەش دەکات کاتێ داوای لێدەکەین.)





# عیسای نەخۆش چاکەرەوە

مەتتا ٤، ٩

هەروەها حەزرەتی عیسا یارمەتی خەڵکی دا تا ببینن خودا حەزی بەچییە،پیشانی دان کە خودا ئەوانی خۆشی دەوێ،وە ئەمەشی لە ڕێگەی چاکردنەوەی نەخۆشیەکانیان ئاشکرا کرد.

نەخۆشەکان زوو دەهاتنە لای تا چاکببنەوە،ئازار و نەخۆشیەکانیان هەرچییەك بووایە، یاخود ئەگەر بەستراوی دەستی شەیتان بوونایە یان ئیفلیج بوونایە عیسا هەموویانی چاکدەکردەوە.

جارێکیان پێشەوایەکی ئاینی هات بۆ لای عیسا و چۆکی دادا لەبەردەمی و ووتی: (کچەکەم مردووە، وەرە دەستی لەسەر دانێ، زیندوو دەبێتەوە.)

عیسا لەگەڵی چوو دەستی کچەکەی گرتوو کچەکە لە مردن هەستایەوە.

(عیسا بەم کردەوانەی توانای خودای بۆ خەڵك دەرخست.)

(ئای! بابە ئایا عیسا بە ڕاستی خەڵکی چاکردووەتەوە؟)

(بەلی دارا، هەتا ئەمرۆش نەخۆش چاك دەکاتەوە.و هیچ شتێ لای ئەو زەحمەت نییە.)



MIS Kurdish Sourani.indd 18 11/5/2013 6:24:45 PM





# عیسای ماموٚستا

لۆقا ٢، مەتتا ٢٢، یوحەننا ٣

کاتێ حەزرەتی عیسا تەمەنی ١٢ساڵان بوو چوو بۆ قودس و لەگەڵ ماموٚستایان دادەنیشت، و لەناو پەرستگادا گفتوگۆی پرسیاری زۆر قووڵی لەگەڵ دەکردن، هەموو ئەوانەی گوێیان لێی دەبوو سەرسام بوون لەبارەی تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی.حەزرەتی عیسا لە بەژن وباڵاو دانایییدا گەشەی کرد.لای خودا و لای ئەوانەی دەیانناسی خۆشەویست بوو

کاتێ تەمەنی بووە ٣٠ ساڵان دەستی کرد بە فێرکردن و وتاردان.فێری خەڵکی دەکرد کە چۆن خودا گرنگی دەدا بەو شتانەی مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە دەیکات، وە دوو راسپاردەی گرنگی پێ وتن.

«پێویستە بە هەموو دڵ و بە هەموو دەروون و بە هەموو هۆشەوە خودات خۆش بوویێت».ئەمە مەزنترین و یەکەم راسپاردەیە. ئەمەی دیکەش وەك ئەوەی یەکەم گرنگە»نزیکەکەت وەکو خۆت خۆشبوێ.

– حەزرەتی عیسا خەڵکی فێر دەکرد سەبارەت بە پلانی سەیری خودا بۆ گەڕاندنەوەمان بۆ لای خۆی.

– فەرمووی «راستیتان پێ دەڵێم: خودا بەم جۆرە جیهانی خۆش ویست تەنانەت تاقە کورەکەی خۆی پێشەکەش کرد،هەتا هەموو ئەوانەی باوەری پێدەهێنن لەناو نەچن بەلکو ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنن»

– ( بابە من باوەرم بە حەزرەتی عیسا هەیە)

– ( شاد. ئەمە شتێکی مەزنە.)





(عیسا)بەواتای (خودا ڕزگار دەکات.) پێش ئەوەی منداڵەکە لە دایك بێت، پێویست بوو مریەم و یوسف بچنە شاری بێت لەحم.

(کاتێ لەوێ بوون،مریەم کوڕەکەی بوو. خودا فریشتەکانی نارد تا لە دایك بوونی کوڕەکە بە خەڵك ڕابگەیەنن،خەڵکەکەش هاتن تا ئەو کارە سەیرە ببینن: (مریەم منالێکی بووە!)

عیسا گەورە بوو، گوێڕایەڵی دایك و باوکی بوو هەرگیز گوناهی نەدەکرد.

MIS Kurdish Sourani.indd 22 11/5/2013 6:24:48 PM



# له دایك بوونی حه‌زره‌تی عیسا

*مه‌تتا ١، لۆقا ٢*

خودا کوڕه‌ تاقانه‌که‌ی خۆی دا به‌ مریه‌م که‌ کۆرپه‌یه‌ك بوو،خودا یوسفیشی هه‌ڵبژارد تا یارمه‌تی مریه‌م بدات و ئاگای له‌ منداڵه‌که‌ بێ،چونکه‌ منداڵه‌که‌ کوڕی خودا بوو، به‌ بێ گوناه له‌ دایك بوو.

فریشته‌یه‌کی خوداوه‌ند له‌ خه‌ودا بۆ یوسف ده‌رکه‌وت و پێی وت: (مریه‌م کوڕێکی ده‌بێ و ناوی ده‌نێن عیسا،چونکه‌ گه‌له‌که‌ی ڕزگار ده‌کات له‌ گوناهه‌کانیان.)



MIS Kurdish Sourani.indd 23 11/5/2013 6:24:49 PM




MIS Kurdish Sourani.indd 24 11/5/2013 6:24:50 PM


دەری کردن؟ ئەی خۆشی نەدەویستن؟
ئەگەر لە جێی ئەوان بوومایە بە قسەی شەیتانم نەدەکرد.
ئایا جارێکی تر خودا دەبیننەوە؟
راوەستە پەلەمەکە، خودا ئێستاش هەر خۆشی دەوێن، بەڵام رقی لە گوناهە، چونکە گوناە جیامان دەکاتەوە لە خودا.
کەواتە بۆچی خودا ئەو درەختەی لەبەهەشتدا دانا؟





# گوناهی ئادەم و حەوا

یەکەم کتێبی تەورات پەیدابوون ۳

شەیتان کە دوژمنی خودایە بە دزیەوە لە شێوەی مارێکدا خۆی دەرخست، نەیدەویست ئادەم و حەوا لەگەڵ خودا بژین و گوێرایەڵی بن.

بە حەوای ووت: (راستە خودا فەرمانی پێداون کە نابێ لە هیچ درەختەکانی بەهەشت بخۆن؟)

حەوا ووتی: (تەنها بەری ئەو درەختەی لە ناوەراستی باخچەکەدایە بۆمان نییە لێی بخۆین، چونکە خودا فەرموویەتی: لێی نەخۆن و دەستیشی لێ مەدەن ئەگینا دەمرن)

شەیتان وەڵامی دایەوە: ( نا نامرن بەڵکو وەکو خوداتان لێ دێت.)

ژنە هەڵخەڵەتا بە بینینی جوانی و بە لەزەتی بەری درەختەکە، بەوەش

کە و ای لێدەکات زۆر دانا بێ

(نا، نا حەوا نەیخۆیت!)

(ئامۆژگارییەکی باشە، بەڵام حەوا خواردی هەروەها ئادەمیش.)

لە ناکاو هەردووکیان هەستیان بەترس کرد، خۆیان لە خودا شاردەوە،

کاتێ سەرپێچی خودایان کرد گوناهیان کرد، خوداش لە بەهەشتی

عەدەن دەری کردن.

MIS Kurdish Sourani.indd 27 11/5/2013 6:24:52 PM



# ئادەم و حەوا تەورات

*پەیدابوون* ٢.١

خودا فەرمووی: (با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین. وەك خۆمان) خوداوەند لەشی مرۆڤی لەقوڕی زەوی دروست کرد و شنەی ژیانی پێدا کرد، مرۆڤ بوو بە لەشێکی زیندوو.

قوڕ؟

(بەڵێ دارا، خودا توانای هەموو شتێکی هەیە.)

هەروەها خودا فەرمووی: (باش نیە ئادەم بە تەنیا بێ، هاوبەشێکی وەك خۆی بۆ دروست دەکەم.)

خودا ئادەمی خستە خەوەوە و پەراسوویەکی لێ وەرگرت و ئافرەتێکی لێ دروست کرد. ئافرەتەکەی ئامادە کرد، واتە حەوا تا ببێتە هاوسەری ئادەم.

لە ناوەندی بەهەشتدا دەرەختی ژیان و دەرختی زانینی چاکە و خراپە هەبوو. خودا ئادەمی ڕاسپارد: (ئازاد بە لە خواردنی هەر بەروبومێکی درەختەکانی باخچەکە، بەڵام نەکەی لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆی، چونکە ئەگەر لێی بخۆی بە ڕاستی دەمری.)

(لە بە هەشتدا دەژیان، ژیانیان هەمووی ئاشتی و خۆشی بوو، لە خوداوە نزیك بوون و پێی دڵخۆش بوون.

بەڵام، ڕۆژێك لە ڕۆژان......)

MIS Kurdish Sourani.indd 28 11/5/2013 6:24:52 PM






MIS Kurdish Sourani.indd 30 11/5/2013 6:24:54 PM


بابە بە یارمەتیت !
چی یە دارا، چی یە شاد؟
بابة، لة بيرتة بةلَينت دابوويني طرنطترين ضيرؤكمان بؤ بطيَريتةوة؟
بةلَيَ، طرنطترين ضيرؤك لة طرنطترين كتيَب، كة كتيَبي ثيرؤزة، ووشةي خودا.
ها! چیرۆکی کتێبی پیرۆز؟
ئەمە تەنیا چیرۆکێك نی یە لە کتێبی پیرۆز، بەڵکو ئەمە هەموو کتێبی پیرۆزە، پلانی خودایە بۆ مرۆڤ.
چۆن بزانین کە کتێبی پیرۆز ووشەی خودایە؟

# طرنطترين ضيرؤك



MIS Kurdish Sourani.indd 32 11/5/2013 6:24:54 PM